Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەرین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# نۆستالژیا لە ڕۆمانی ( ئەڵوەن و ئەفسانە) ی مامۆستا جەعفەردا

**د. ئاوارە کەمال صالح**

بەشی بیناکاری، کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** awara.saleh@epu.edu.iq

## پوختە:

نۆستالژیا یاخود سۆز و حەسرەت بۆ سەردەمی ڕابردوو، یەکێکە لەو دیاردانەی کە لە نێو بەرهەمی نووسەراندا ڕەنگیداوەتەوە. ئەویش کاتێک کاتێک تاکی نووسەر لە زێدی خۆی دادەبڕێت و لە جوگرافیایەکی دیکەدا دەگیرسێتەوە، ئیدی ساتەکانی ڕابردوو هزری تاکی نووسەر دادەگرێت. نووسەری تاراوگەنشین لەم حاڵەتەدا پەنا بۆ نۆستالژیا دەبات. بۆ ئەوەی ساتێک بگەڕێتەوە زێد و نیشتمان و تاوێک لە ئازاری دووریی و نامۆیی دوور بکەوێتەوە. ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (نۆستالژیا لە ڕۆمانی ( ئەڵوەن و ئەفسانە) ی مامۆستا جەعفەردا) کە هەوڵمانداوە جۆرەکانی نۆستالژیا لە ڕۆمانەکەدا بخەینەڕوو.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم دوو لایەن لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە (پێناسە و چەمکی نۆستالژیا، فاکتەرەکانی پەنابردنە بەر نۆستالژیا لە لایەن نووسەرانەوە). تەوەری دووەمیش بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نۆستالژیا لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا). لە کۆتایشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** نۆستالژیا، ڕابردوو، دابڕان ، تاراوگە، نامۆیی، زێد و نیشتمان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەکی:

نۆستالژیا دیاردەیەکە لە لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام کاریگەریی و دەرکەوتەکانی لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. نۆستالژیا لە زەمینەی دابڕان لە نیشتمان یاخود دورکەوتنەوە لە زێد و خاکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەو واتایەی کاتێک مرۆڤ لە زێدی خۆی هەڵدەکەنرێت و ژیان لە ئاوارەییدا بەسەردەبات، ئیدی سۆزی گەڕانەوە بۆ زەمەن و دنیای ڕابردوو باڵ دەکێشێت بەسەر بیرکردنەوە و تێڕامانەکانییدا. نۆستالژیا کاریگەریی زیاتر لەسەر نووسەران بەجێدەهێڵێت، هەربۆیە نووسەران بۆ دەربازبوون لە تەوژم و شەپۆلی نۆستالژیا پەنا وەبەر دونیای نووسین دەبەن و جارێکی دیکە گەشت بۆ جیهانی ڕابردوو ساز دەکەنەوە. بەو ئومێدەی بتوانن بۆ ساتێک لە زەمەنی ئێستا دابڕێن و بگەڕێنەوە نێو زێدی خۆیان، ئیدی لە ڕێی نووسینەوە دەتوانن ئەو گەشتە ئەفسوناوییە بۆ نێو زەمەن ئەنجام بدەن و بۆ ساتێک ئارامی بە ڕۆح و دەروونیان ببەخشن.

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (نۆستالژیا لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) ی مامۆستا جەعفەردا)، کە جۆرەکانی نۆستالژیا لە دنیای نێو ڕۆمانەکەدا دەخەینەڕوو.

لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان کراوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم ئەم لایەنانە لە خۆ دەگرێت (پێناسە و چەمکی نۆستالژیا، فاکتەرەکانی پەنابردنە بەر نۆستالژیا لە لایەن نووسەرانەوە). تەوەری دووەمیش بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نۆستالژیا لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا).

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم:

### ١. پێناسە و چەمکی نۆستالژیا:

نۆستالژیا وەکو دیاردەیەک زیاتر لە حاڵەتی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات، بە جۆرێک کە بەرۆکی تاکی دوور لە زێد دەگرێت و لەڕووی دەروونییەوە ئارامی لێ هەڵدەگرێت. لەسەرەتادا نۆستالژیا وەک زاراوەیەک لە بواری پزیشکییدا دەرکەوت، ئەویش کاتێک لەسەدەی حەڤدەیەمدا قوتابییەکی کۆلێژیی پزیشکی لە زانکۆی (بازلی سویسرا) بە ناوی (یوهانس هۆفر) زاراوەی نۆستالژیای وەکو زاراوەیەک بۆ وەسفی ئەو ئازارە بەکارهێنا، کە لە خواستی گەڕانەوە بۆ خاک و نیشتمان لای تاکی نامۆ سەرهەڵدەدات، وەکو لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت، کە نۆستالژیا گوزارشت لەو (ئازار و ناخۆشییانە دەکات،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کە نەخۆش دوچاری دەبێت بە هۆی سۆزی گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی خۆی و ترس لەوەی نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شوێن و ژینگە بنەڕەتییەکەی. ئەم زاراوەیە بە مانا مەجازییەکەی، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان سۆز بۆ ڕابردوو، بۆ شوێنی یەکەم).(ئەسوەد، ٢٠١٥، ٣٩١). بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زاراوەی نۆستالژیا لە بواری پزیشکیەوە پەڕییەوە و وەکو دیاردەیەک بۆ گوزارشتکردن لە حاڵەتێکی شیعریی لای شاعیران و نووسەران خۆی بینییەوە. نۆستالژیا لە دوو وشەی یۆنانی کۆن پێکهاتووە، کە بریتین لە (Nostos) بەمانای گەشتی گەڕانەوە دێت و(algos) یش مانای ئازار و غەم دەگەیەنێت. واتە نۆستالژیا وەکو وشەیەکی لێکدراو مانای ئازار و غەمی گەڕانەوە دەگەیەنێت. زاراوەی (Nostos) لە شارستانییەتی یۆنانییدا پێگەیەکی گرنگی هەبوو. هەر لەم ڕوانگەیەوە (هۆمیرۆس) داستانی بە ناوبانگی (ئۆدیسا) ی نووسیووە. کە وێنای گەشتی گەڕانەوەی پاشا (ئۆدیسیوس) بۆ زێدی خۆی لە دوای شەڕی (تەروادە) دەکێشێت. کە لە میانەی گەڕانەوەیاندا دووچاری ئازار و نارەحەتییەکی زۆر دەبنەوە، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بوونەوەرە ئەفسانەییەکان و تووڕە بوونی خواوەند دا. (سالم، ٢٠١٨، https://manshoor.com/society/nostalgia-illness-and-meaning). یاخود دەگوترێت (نوستالژیا ئەو شەوقەیە کە لە ناخی کەسی تاراوگەنشینی دوور لە زێددا سەرهەڵدەدات و گوزارشت لە ئازاری دابڕانی دەکات).(الخليلي، ٢٠٠٧، ١٨). واتا نۆستالژیا گوزارشت لە ئازار و حەسرەتی دەروونی مرۆڤی دوور لە وڵات و کەسوکار دەکات. نۆستالژیا وابەستەی زەمەنی ڕابردووە، بەو واتایەی کەسی نۆستالژیی هەمیشە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و بوون و شکۆی خۆی لە ڕابردوو دا دەبینێتەوە و پێی وایە ڕابردوو چرکەساتە زێڕینە لە دەستچووەکانە و ئەستەمە قەرەبوو بکرێتەوە، بە مانایەکی دیکە (نۆستالژیا بریتییە لە خۆشەویستییەکی بێسنوور، بۆ سەردەمانی ڕابردوو بە شوێن و کەسایەتی و ڕووداوەکانییەوە).(ویکیبیدیا، ٢٠٢٠، https://ar.wikipedia.org/wiki).

هەرچەندە نۆستالژیا، سۆزێکە پەیوەستە بەو شتانەی کە مرۆڤ لە ڕابردوودا لە دەستی داون، بەڵام دەرکەوتن و کاریگەرییەکانی ئەم سۆزە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە جیاوازە، بەو مانایەی کە کاریگەریی زیاتر لە دنیای نووسەراندا دروست دەکات و ڕەنگدانەوی لە نێو بەرهەمەکانیاندا هەیە (نۆستالژیا سۆزێکی ڕاستگۆیانەیە دەربارەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە دەستیداون، کە خۆی لە شوێن و کەسوکار و کات و هەلوێستەکاندا دەبینێتەوە، بێگومان گوزارشتکردن لەم سۆزە بە شێوە و ڕێگەی جیاواز دەبێت، بەڵام لە جیهانی نووسەراندا ڕوونتر و کاریگەرتر بەرجەستە دەبێت).(الزين، ٢٠١٠، ١٥). واتە دیاردەی نۆستالژیا کاریگەرییەکانی زیاتر لای نووسەران بە دیار دەکەوێت و ئەوان زیاتر لە خولیای غەمە قوڵەکانی جڤاتی مرۆڤایەتیدان، هەربۆیە بەرهەم و نووسینەکانیان بوونەتە سەکۆیەک بۆ تەوزیفکردنی ئەم غەمە گەورە ئینسانییە و گەڕان بەدوای نەوایەکی ئارامدا بووەتە پێداویستییەکی سەرەکی ژیان، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مرۆڤایەتی بە قۆناغێکی جەنجاڵ و خێرادا تێدەپەڕێت، بە جۆرێک کە بووتە دیلی دەستی تەکنەلۆجیا و هەموو گۆشەکانی ژیانی مرۆڤی تەنییووە، جگە لەو هەموو جەنگ و نەخۆشی و نادادپەروەریی و نەبوونی ئازادییەی کە بەرۆکی بەشێکی گەورەی جیهانی گرتووە، کۆچ و ئاوارەیی و پەنابردنی مرۆڤ بۆ زەمینەیەکی ئارام بووەتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خەون و خولیای مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە، کاریگەریی هەموو ئەم ڕەهەندانە لەسەر مرۆڤایەتی زۆر دیار و کاریگەرن، هەربۆیە لە ئێستادا نۆستالژیا وەک دیاردەیەک دەردەکەویت و خۆی دەناسێنێت، چونکە مرۆڤایەتی بەگشتی خەون بەو زەمەنە ڕابردووەوە دەبینێت، کە ژیان سادە و ئارام بوو. کەواتە لێرەدا گونجاوە بڵێین نۆستالژیا زادەی دابڕانە لەو شتانەی کە تاک لە دەستی داون و بوونەتە بەشێک لە ڕابردووی، بە هەموو یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانیەوە.

## ٢. فاکتەرەکانی پەنابردنە بەر نۆستالژیا لەلایەن نووسەرانەوە:

دەشێت گرنگترین هۆکارەکانی پەنابردنە بەر نۆستالۆژیا لەلایەن نووسەرانەوە، پەیوەست بێت بەم ڕەهەندانەی خوارەوە:

١. **گەشت**: گەشت یاخود سەفەر، جا چ لە ناوخۆ یاخود دەرەوەی وڵاتدا ئەنجام بدرێت. بە یەکێک لەو فاکتەرانە دادەنرێت، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی سۆزێک بۆ نیشتمان، لەلایەن ئەو تاکەی کە ئەو ڕێگەیە دەگرێتەبەر، ئەم سۆزەش وەکو نۆستالژیا لە دنیای ئەدەبدا خۆی نمایش دەکات، دەشێت گەشتکردن زیاد لە هۆکارێکی لە پشتەوە بێت، وەکو گەشتکردن بۆ مەبەستی خوێندن، وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی، بۆ فەراهەم کردنی بژێوییەکی باشتر بۆ ژیان یاخود وەکو حەز و خولیاو ئارەزووی گەڕان و چێژ وەرگرتن. گەشتکردن ئەگەرچی بەشێوەیەکی خۆویستانە یاخود بەزۆر و دوور لە ئیرادەی تاک بێت، بەڵام کاریگەری لەسەر ناخی تاک بەجێدەهێڵێت و هەمیشە شەوقی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەبێتە بەشێک لە ژیانی گەشتیار.(الخليلي، ٢٠٠٧، ٣١).

٢. **گرتن و دوورخستنەوە**: هەلومەرجی ڕامیاریی و نەبوونی ئازادیی یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی پاڵ بە تاکەوە دەنێت بۆ دەنگ هەڵبڕین و بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی ستەمکاران، ئەم حاڵەتەش بە گرتن و زیندانیکردن و دوورخستنەوەی ئازادیخوازان کۆتایی دێت (تاکی زیندانیکرا و یاخود یەخسیرکراو ڕووبەڕووی ئازارێکی زۆری دەروونیی و جەستەیی دەبێتەوە، واتە زیندان تراژیدیایەکی هەقیقی لە دەروونی کەسی زیندانیکراودا دەخوڵقێنێت، بەتایبەتی لای تاکی نووسەر، کە تەنیا نووسین شک دەبات بۆ ئەوەی لە ڕێیەوە گوزارشت لە ئازار و غەمەکانی بکات).(الخليلي، ٢٠٠٧، ٦٤).

٣. **دووری لە مەعشوق و (دڵدار)**: جا ئەگەر دڵدارەکە دڵبەرێکی هەقیقی یاخود مەجازی بێت (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٦٦).

٤. **ڕاگواستن و وەدەرنان لە زێد و نیشتمان**: جەنگ و ئاکامەکانی، کە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت، هۆکارێکن بۆ دەرپەڕاندن و ڕاونانی هاونیشتمانیان لە زێد وماڵی خۆیان دووچاری دابڕان لە ڕابردووی خۆیان دەبنەوە. (الخليلي، ٢٠٠٧، ٨٥). ئەم دووریی و دابڕانەش بەهەمیشەیی لەگەڵ تاکی نامۆدا دەمێنێتەوە و نۆستالژیا وەک فریادڕەسێک بە هانایەوە دێت (بێ گومان خۆشەویستی نیشتمان لە قوڵایی دڵ و ویژدانی تاکدا نیشتووە، بەڵام کاتێک زوڵم و زۆرداری سەراپای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ولآت دادەپۆشێت، ئیدی غوربەت و سەرهەڵگرتن دەبێتە بەشێک لە چارەنووسی تاک).(الحربي، ٢٠١٥، ٤٨). هەربۆیە کەسی سەرهەڵگرتوو یاخود (وەدەرنراو لە خاک و نیشتمان، ئەندێشەکانی لە خەونی ڕەنگاو ڕەنگ تژییە، ئەو بەو نیازەیە کە بە بەهاکانی ئازادیی و خۆشگوزەرانی بگات، کە لە زێدی خۆیدا ئەستەم بوون پێیان بگات. دەیەوێت لە ولآتی غەریبایەتی بەدەستیان بهێنێت).(حەسەن، ٢٠٠٨، ٤٤). بە مانایەکی دیکە مرۆڤی دابڕاو لە زێدی خۆی، دەیەوێت لەو خاکەی لێی دەگیرسێتەوە، سەرزەمینی گەشتن بە خەونەکانی بێت.

٥. **لە دەستدانی ئازیزان:** وەک لە دەستدانی یەکێک لە ئەندامانی خێزان، یان خۆشەویستێک لە ژیاندا، کە ببێتە هۆی گریان و لاوانەوە و گۆشەگیریی و غەم و ئازارێکی زۆر. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٦٥).

## تەوەری دووەم:

## ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نۆستالژیا لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا:

١. **نۆستالژیا بۆ شوێن:** لە ڕاستییدا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان مرۆڤ و شوێندا هەیە، بەجۆرێک زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت ئەو پانتاییە لە بیر بکات، کە سنوورێکی فراوانی یادەوەرییەکانی پێکدەهێنێت (نووسەر کوڕی ژینگەکەی خۆیەتی و بەتوندیی پێیەوە وابەستەیە، چونکە شوێن کەسێتیی نووسەر تەواو و کامڵ دەکات، هەر لە دەرکەوتنیەوە تاکو بەگەشەکردنییدا ڕادەگات، هەربۆیە ئەو ژینگەیەی کە نووسەر تێیدا ژیاوە کاریگەرییەکی توندی لەسەر ڕەهەندی ئاکاریی و ئامادەگیی هزریی و ئەفراندن و پێکهاتەی دەروونی و سۆزداریی نووسەردا هەیە).(الزين، ٢٠١٠، ٢٥٣). ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا ڕاستەوخۆ بە (شوێنە دەستپێک) خوێنەر بە سەرەتای ڕۆمانەکەی ئاشنا دەکات:

((دەگەڕێمەوە!

من بۆ شارەکەی خۆم دەگەڕێمەوە!

بۆ کەناری ڕووباری خەون و ئەستێرە و ئەفسانە دەگەڕێمەوە!

پاش چارەگە سەدەیەک چاوەڕوانی دەگەڕێمەوە، شارێک چاوەڕوانی دوا چرکەی چاوەڕوانییە، من لە ئامێزیدا بزربم، یان ئەو لە ئامێزمدا بزر بێت. دایک و ساوا، ماوەیەک لەیەکتر دابڕان، دیسانەوە بە دیداری یەکتر شاد بوونەوە، سەرەتا دەپرینگێنەوە، ڕادەمێنن، پاشان، باوەش بۆ یەکتر دەکەنەوە، بۆلای یەکتر ڕادەکەن، لە کۆشی یەکتردا دەتوێنەوە)). (ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢١). بەکارهێنانی شوێن یاخود وردتر بڵێین (زاراوەی (شوێنە دەسپێک) گرنگی زۆری هەیە. بە تایبەت لە دەقی گێڕانەوەییدا، کە دەبێتە هێزێک بۆ ڕاکێشانی خوێنەر و پەیوەستکردنی بە تێکستەوە).(سدیق، ٢٠١٢، ٧٨). (مامۆستا جەعفەر) بە ئاماژەدان بە ڕووبارێک، بێ ئەوەی ناوی بهێنێت و جوگرافیاکەی دیاری بکات. وەرگر لە چاوەڕوانییدا دەهێڵێتەوە، چونکە بە شوێنێکی نادیاری دەسپێرێت، بەمەش وەرگر زیاتر پەیوەستی نێو جیهانی دەقەکە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دەبێت، هەر لەم دەستپێکەدا خوێنەر هەست بەو هەموو سۆز و حەسرەتە دەکات، کە ڕۆماننووس نزیکەی چارەکە سەدەیەک دوور لە زێد و خاکی خۆی چەشتوویەتی و ئازاری دووریی و دابڕانی گشت ئەو ماوەیە ئۆقرەیان لەبەر بڕیووە.

ڕۆماننووس زۆر وابەستەی ئەو شوێنانەیە، کە تەمەنی منداڵی تێدا بەسەر بردووە و بەم شێوەیە دەیانخاتەڕوو ((من لەسەر لمی کەناری جوانترین دەریاشدابم، هەربیرم لای ئەڵوەن و سیروان و قۆرەتوو و هەواسانە. بیرم نەماوە کەی فێری مەلەوانی بووم. یەکەمین جار لە تەقتەق و بەڕ پاشان لە گۆم پەری)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢٦). کەواتە ڕۆماننووس خوێنەر ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانییدا ناهێڵێتەوە، دوای پێنج لاپەڕە ناوی ڕووبارەکە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە ڕووباری (ئەڵوەن) ە، هەرچەندە خوێنەری زیرەک ئەگەر نووسەری ڕۆمانەکە بناسێت، لە سەرەتاوە دەزانێت کە مەبەستی نووسەر لە ڕووباری ئەفسانە، ئەڵوەنە. ئەگەرچی ڕۆماننووس تاراوگەنشین بووە، بەڵام هەستێکی قوڵی نۆستالژیی بۆ ئەو شوێنانەی زێدی خۆی هەبووە، کە تەمەنی منداڵی تێدا بەسەر بردووە و بە یاد هێنانەوەیان ئەو ساتانە زیندوو ڕادەگرێت. گومانی تێدا نییە کە ئەم سۆزە نۆستالژییە بۆ شوێن لای شاعیران و نووسەرانی کوردی سەرهەڵگرتوو و تاراوگەنشین مێژوویییەکی هەیە، هەروەکو چۆن لای (نالی یەکەم چریکەکانی شیعری تاراوگەی کوردی چڕاون و بوونەتە یەکەم ڕیشەکانی گەڕانەوەی مرۆڤی کورد بۆ زێد، ڕەنگە ئەو چریکانە یەکەم پرسە گرنگ و سەرەکیەکانی مرۆڤی کوردبن، کە لە خۆی و نیشتمان و نیسبەتی خۆی بە نیشتمانەوە کردبێتی. ڕەنگە ئەمانە یەکەم هزرینە ئابستراکەکانی مرۆڤی کوردبن، کە ئاخاوتن لە خۆی و خاک و کۆی ئەو پەیوەندیانە دەکات، کە پێی دەڵێن ناسنامە و نۆستالژیا و گرێدراوی زەین و یادەوەرین بە شوێنەوە. شوێنێ کە بەشێکە لە بوون، لە ناسنامەی جێگیر و پاژێکی مەزنی جیانەبووەوە لە بوون و کەسایەتی و مرۆڤایەتی مرۆڤ (ئازادیخواز، ٢٠٢١، https://www.haremnews.com/details/18415) ناوی هەموو ئەو شوێنانەی لە چامەکەی نالی بۆ سالم دا هاتووە، بە بەهای شوێنەوە لای نالی پەیوەستە، کە چۆن لە غوربەت و دوور لە زێددا کەوتووەتە بەر شەپۆلی نۆستالژیی و دەیەوێت لە ڕێی چامەیەکی شیعرییەوە هەستی غەریبی و نامۆیی خۆی دابمرکێنێتەوە.

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا ناوی شارۆچکەی خانەقی بە کوچە وکۆڵان و بازاڕ و پرد و ڕووبار و شوێنەوارە دێرینەکانییەوە ئامادەگییەکی بەرچاوی هەیە. بەحوکمی ئەوەی ڕۆماننووس کوڕی ئەو شارەیە و تەمەنێکی لەو شارەدا گوزەراندووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی هەبێت. شوێن (خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەڵات و سیستم و کەش و ڕەهەند و سروشتی خۆیەتی، بۆ نموونە: ئەو سیستم و دەسەڵاتەی ، شوێنێکی وەک بازاڕ لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێت، جیاوازە لەو دەسەڵاتەی، کە شوێنێکی وەک گۆڕستان لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە. چونکە هەر شوێنە و دەسەڵاتگیری خۆی هەیە و خاوەنی ڕەهەند و ڕووبەری تایبەتی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خۆیەتی بۆ ڕێگەدان بە جووڵەکردن و کردار و گفتوگۆکردن، هەروەها هەر شوێنێک ڕیتمێکی تایبەت بە خۆی هەیە. شوێن چەمکێکی فرە دەلالەتە).(ئیسماعیل، ٢٠٠٩، ٢٤-٢٥). لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس سۆزی نۆستالژیا بەرە و خانەقی دەباتەوە ((خانەقی دوورگەیەکی سەوزە لەسەر دەریای زێڕی ڕەش! زێڕی ڕەش بە قوڕی ڕەشدا چێ. بەتوونی بابا و ئاوی ئاموونددا چێ.. بەگەرووی ئاشدا چێ. هەر هەموو لە غەریبیدا تووشی دیق و دڵ ئێشە و لاڕەشە بووین....... زێڕی ڕەش وەکو مارەکەی مەلا هۆمەر لەگەردنمان ئالاوە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٣٤). مەبەست لە زێڕی ڕەش (نەوت) ە، کە بووەتە هۆی ئەو دابڕانە و خانەقینیشی کردووە بە جوگرافیایەکی سیاسی، ئەگینا دوژمن هیچ ئیشێکی بەو ڕووبەرە جوگرافییە نییە کە ناوی خانەقینە هەرچەندە دورگەیەکی سەوزە، بەڵام بەلای دوژمنەوە زێڕە ڕەشەکەی ژێر خاکەکەی گرنگە. لەم ڕوانگەیەوە خوێنەر درک بەوە دەکات، کە (خانەقین) تەنیا وەک جوگرافیایەکی سنووردار مامەڵەی لەتەکدا نەکراوە، بەڵکو خاوەنی مەدلوولێکی فراوانترە و بە کێشەی نەتەوەی کوردەوە پەیوەستە، بۆیە دەشێت بگوترێت کە شاری خانەقی لە ڕۆمانەکەدا لە ئاستی سمبولدا مامەڵەی لەتەکدا کراوە و دەربڕینی سۆز بۆ دەڤەری خانەقین سۆزە بۆ نیشتمان. بە واتایەکی دیکە (زەوی پێکهاتەی بنەڕەتی نیشتمانە، بۆیە کاتێک نووسەر نۆستالژیا بۆ نیشتمان دایدەگرێت. خۆی لە سۆز و حەسرەت بۆ زەویی و هەموو ڕەهەندە سروشتیەکانییدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە چیا، ڕووبار، ئاسمان، دارودرەخت و دەشتەکان، جگە لەو شوێنانەی کە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە هۆگری بووە و دنیایەک خەون و هەست و سۆزی لەسەر بیناکردووە، بۆیە هەموو ئەو شوێنانە وەک بەشێک لە پێکهاتە و بوونی تاک سەیر دەکرێت، کە دابڕان و دووکەوتنەوە لەو شوێنانە لای هەندێک لە نووسەران جۆریکە لە مردن).(الحربي، ٢٠١٥، ٥٣). ئەڵبەتە مەبەست لە مردنی فیزیکی نییە، بەڵکو مردنێکی مەعنەویە. ڕۆماننووس لە پێناو کێشەیەکی ڕەوادا، دەستبەردای زۆرێک لە خەونەکانی ژیانی بووە، وەک لەم دایەلۆگەدا دەردەکەوێت:

ڕۆماننووس((کاتێک بە کاک بەختیارم گوت:

بڕیارم داوە ژن بهێنم. دەزگیرانم هەیە و دەمەوێ بیهێنم

کاک بەختیار گوتی:

ئێمە ژنی ئەم هەل و مەرجە نالەبارەین. شاخ و تفەنگ چاوەڕوانت دەکەن. پێویستە شۆڕش بەرپا بکرێت و بەردەوام بوونی شۆڕش مسۆگەر بکرێت.. پاشان ژنهێنان..خێزان.

مامۆستا موحسن پێی گوتم:

تۆ و صادق دەبێ زوو ڕوو بکەنە شاخ. ژمارەیەک کادری سیاسی و عەسکەری شەهید کراون، دەبێ جێگەیان پڕ بکرێتەوە. زۆربەی هاوڕێیان گیراون و ئەمن و ئیستخبارات هەزاران داویان بۆ ناوینەتەوە. دەترسم پێوە بن. زوو بڕۆن با پێوە نەبن. مرۆڤ لەو شاخە بکوژرێت. نەک بە زەلیلی دەست دوژمن بکەوێت)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢٠٢-٢٠٣). واتە ڕۆماننووس لەلایەک لە خۆشەویستەکەی دابڕاوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەلایەکی ترەوە لە کوچە و کۆڵان و لانەی یادەوەرییەکانی و ناچار بووە ڕێگەی شاخ بگرێتەبەر، ئیدی قەدەری ڕۆماننووس بەو جۆرە بووە، کە ژیانی پڕ لە دابڕان و هەوراز و نشێو بێت، هەر بۆیە لە پاڵ سۆز و ئەندێشەی نۆستالژییانەدا دەیەوێت وچانێکی کورت بدات و کەمێک ئازارە دەروونی و جەستەییەکانی وەلانێت.

٢. **نۆستالژیا بۆ مرۆڤ:** بەو پێیەی مرۆڤ سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، زۆر ئەستەمە بەتەنیا بژی و ئەو کەسانە لە یاد بکات، کە بەرکەوتنی بەردەوامی لەگەڵیاندا هەبووە، جا چ وەک دایک و باوک و کەسانی نێو خانەوادەکەی یاخود خۆشەویست و هاوڕێیانی تەمەنی، هەربۆیە لە دووری و ئاوارەییدا زیاتر هزری بەو مرۆڤانەوە پەیوەست دەبێت، کە ڕۆژگارێکی لەگەڵدا بەڕێکردوون، ڕۆماننووس لەسەروبەندی ئامادەکردنی جانتای سەفەریدا بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان دایکی وەبیر دێتەوە ((جانتا کۆنەکەم دەمی بۆ پیجامە و خاولی و تاقمی تەراش و فلچەی دان و گۆرەوی داپچڕاندووە. لە ناو تاکسی و شەمەنەفەر و فڕۆکەدا هەتا دەگەمە شاری خانەقی، هەر بیرم لای ئەوەیە چیم لێ بەجێ ماوەو چیم بیرچۆتەوە. ڕۆژێ سەفەرم نەکردو یەک دوو شتم بیر نەچێتەوە. بیرچوونەوە زۆر ئاسایی و پێویستە بۆ مرۆڤ: بیرچونەوە بۆ مێشک وەکو خەوە بۆ لەش. دایکم یەک بەیەک پێویستیەکانی سەفەری بیر دەخستمەوە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢١-٢٢). ڕۆماننووس لە ساتی ئامادەسازیدا وێنەی دایکی و ئامۆژگاریەکانی وەبیردێتەوە، کە هەمیشە وەک غەمخۆرێک دڵی لای ڕۆڵەکەیەتی و دەیەوێت وەک نموونەیەکی کامڵ دەربکەوێت و هیچ لەنگییەکی پێوە دیار نەبێت. ئیدی ئەم یاد کردنەوەیەش بەسە بۆ ڕۆماننووس تاوەکو بەگەشتی زەمەندا بۆ نێو ئامێزی بە سۆزی دایکی بگەڕێتەوە. (ئەگەرچی نووسەری تاراوگەنشین لە زێدی خۆی دوورکەوتووەتەوە و لە جیهانێکی نوێدا گیرساوەتەوە، بۆیە سۆزی تەنیا وابەستەی ئەو شوێن و سروشتە نییە کە جێیهێشتووە، بەڵکو سۆزی بۆ ئەو کۆمەڵگەیەش هەیە کە لە پاشی بەجێماوە، بۆیە هەمیشە لە یادی دایک و خۆشەویستانییدایە).(الزین، ٢٠١٠، ٣٠٨-٣٠٩). سۆز بۆ کەسانی دەوروپشتی ڕۆماننووس دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوی و دایەلۆگێکی ناڕاستەوخۆی نێوان خۆی و کاکی بە خوێنەر دەگەیەنێت ((کاکم گوتی: ئەوەی لە گۆم کەریم خاندا مەلەی بکردایە، کەریم خان فەرمانی دەدا لە تاوەدا ڕۆنی بۆ داخ بکەن و بەقورگیدا بکەن. بە کاکم گوت: ئەوە نییە ئێمە لە گۆم کەریم خاندا مەلە ئەکەین و کەس هەقی بەسەرمانەوە نییە! ئەو گوتی: کەریم خان مردووە. زەمانی ئەوەش نەماوە ڕۆنی داخ بەقورگی مسکێندا بکرێت)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢٦). ڕۆماننووس لەم دایەلۆگەدا لەلایەک بە کاکی شاد دەبێتەوە و حەسرەتی دووریی و دابڕانی لە یاد دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بە ئاستی هۆشیاریی و کامڵ بوونی هزری خۆی و کاکی دەکات لەسەردەمی لاوێتیدا، کە دژی چینایەتی بوون. ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەدا بۆ خۆ دەربازکردن لە شەپۆلی نۆستالژیا خوێنەر بە دوو کارەکتەری هەقیقی ئاشنا دەکات ((جلوو(جلیل)بەردەوام ڕۆژنامەی بەدەستەوە بوو، هەرخەریکی خوێندنەوە بوو.. شەیدای دەنگ و باسی جیهان بوو.. سەمینەش زۆر حەزی لە ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کەی و لەکوێ؟

ئەو کاتەی ڕژێم دەکەوتە راونانی کۆمۆنیستەکان، ئەو ڕۆژنامەی (طريق الشعب) ی دەگرتە دەستەوە و بە بەردەوام بە بەردەم دائیرەی ئەمن و ئیستخبارات و پۆلیسدا هات و چۆی دەکرد.

سیخوڕەکان دەیبینن و دەڵێن: هەزار بار کلاشیکۆفیشت پێ بێت، بۆیەک چرکەش ناتگرین!)). (ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٦٥-٦٦). ڕۆماننووس وێنەی کەسایەتی و ڕووداوەکانی وەک خۆی لە ڕۆمانەکەدا تەوزیف کردووە، بۆیە ئەم دیمەنە گەرچی لە ڕووکەشدا کۆمیدییە، بەڵام بە کەم سەیرکردنی ڕەفتارەکانی (سەمین) کاریگەری لەسەر کەسایەتی و مامەڵەکردنی بەجێدەهێڵێت. هەر ئەم کەم بایەخدانەش پێی زیاتر تووی یاخی بوون و بەگژدا چوونەوەی لەلا دروستکردووە. نۆستالژیا بۆ کەسەکان، وا لە ڕۆماننووس دەکات، بگەڕێتەوە بۆ ژیانی کەسایەتیەکی ڕاستەقینە ((عەشق محەمەد دلگی کردە پێشمەرگە. پێش ئەوەی چەک بکاتە شانی، لەسەر پردی ئەڵوەن خۆی هاویشتە خوارەوە. هیچی لێ نەهات. هێزی عەشق باڵی نەبینراوت لێ دەڕوێنێ و لە مەرگ دوورت دەخاتەوە.. ئەو سنووقی بۆیاخچێتی فڕێ داو چەکی کردە شانی. پانۆرامای خۆشەویستی وزەی لە بنەهاتووی مرۆڤ دەتەقێنێتەوە. بۆیاخچی/ هەوڵی خۆکوشتن/ پێشمەرگایەتی/ دروستبوونی مرۆڤێکی نوێ)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٣٧-٣٨ ). ئەمە وێنەی مرۆڤێکی سەرکەش و یاخییە، کە عەشق بە کۆمەڵێک ویستگەی جیاوازی ژیانی دەسپێرێت، بەڵام ئەو ناوەستێ و چۆک دانادات و بەسەر سەرجەم ئاستەنگەکاندا زاڵ دەبێت، وێنەی ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە واقیعدا کەمن و زوو تووشی شکست دەبن، بەڵام (محەمەد دلگی) کەسایەتییەکی جیاوازە، ڕەنگە ڕازی عەشق هێزی مانەوە و بەردەوامی بە (محەمەد دلگی) بەخشیبێت، لە عەشقی ڕەگەزی بەرانبەرەوە بۆ عەشقی خاک و نیشتمان. ڕۆماننووس دوو کەسایەتی دیکە بە وەرگر دەناسێنێت، لە گەشتە نۆستالژییەکەیدا بۆلای چەند کەسایەتییەکی دیکەی دەڤەرەکە، لەوانەش (حاجی بزمار، مەلا ئیبادە)، نازناوەکانی ئەم دوو کەسایەتییە تەواوکەری پیشە و هەڵسوکەوت و مامەڵەیان بووە لەگەڵ بەرانبەردا، (حاجی بزمار) نازناوەکەی لەوێوە پێ بڕابوو، کە ((بزماری دەفرۆشت و قسەکانیشی وەکو بزمار بوون تاقەتی سەواو موعامەلەی نەبوو، وەکو دووکاندارەکانی تر، کە دووهەزار سوێندیان بۆ دوو فلس دەخوارد)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ١١٠). (مەلا برایم) یش کە بە (مەلا ئیبادە) لە ناوخەڵکدا ناوی دەرکرد بوو ((مەلا برایم کە سەرەتای هەشتاکان لە گەرمیاندا بە (مەلا ئیبادە) ناوی دەرکرد بوو، هەروەکو کوێخا رینگۆ بوو، یەکێک تۆزێ توورەی بکردایە، پێی دەگوت : دوازدە صەلیە ئەدەم لێت، ئەمجارە بڕۆ لە کوێ شکات دەکەی، بکە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ١١١). واتە نازناوی (مەلا ئیبادە) هەڵگری سیفەت و ئاکارەکانی بووە، کە توند و تووڕە بووە. تەوزیفکردنی ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە ڕۆماندا، لەلایەک چێژ بە خوێنەر دەگەیەنێت لەلایەکی دیکەش بەهایەکی ئیستاتیکی بە دەقی ڕۆمانەکە دەبەخشێت، بەخشینی ئەمجۆرە نازناوانە، وەکو(بزمار ، ئیبادە) بە کەسایەتییەکان، ئەگەر لەڕووی ڕەهەندیی دەروونییەوە لێی بڕوانین،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دەبینین کاریگەیی نێگەتیڤ لەسەر هەڵسوکەوت و مامەڵە و تێڕوانین و بیرکردنەوەی کەسایەتییەکان بە جێدەهێڵێت.

٣. **نۆستالژیا بۆ کاتی ڕابردوو:** کرداری نووسین لە ژانری گێڕانەوەدا پشت بە زەمەن دەبەستێت، (ئۆستن وارین) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((کاتیک مرۆڤ دەستەواژەی (جیهان) یاخود واقیع بەکاردەهێنێت، ئەوە مەبەستییەتی گوزارشت لە شوێن بکات، بەڵام لە چیرۆک یاخود ڕۆماندا دەیەوێت سەرنجمان بەرەو لای زەمەن یاخود بە دواییەکدا هاتنی ڕووداو لە نێو زەمەندا ڕابکێشێت، هەر بۆیە بەو شێوەیە وەسفی ئەدەب دەکات، کە هونەرێکی زەمەنییە، جگە لە هونەری وێنەکێشان و نەحت نەبێت، کە وەکو دوو هونەری شوێنی لێیان دەڕوانێت. هەروەکو چۆن لە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکاندا مرۆڤ لە دایک دەبێت و دەمرێت، کەسایەتییەکان گەشەدەکەن و دەگۆڕێن یاخود لە هەندێک ڕۆمانی دیکەدا نەوەیەک یاخود کۆمەڵگەیەک لە حاڵەتی گۆڕانکارییدا وێنا دەکرێن، ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) ی (تۆلستۆی) یەکێکە لەو شاکارانە، بەم پێیەش پێویستە ڕۆماننووس ڕەهەندیی کات لە ڕۆمانەکەیدا بە هەند وەربگرێت)).(إبراهیم، ٢٠٠٢، ١٠٤). لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووسان گرنگی تایبەت بە ڕەگەزی کات لە ژانری گێڕانەوەدا دەدەن، تاوەکو بتوانن لە نێو کاتدا تەوزیفی ڕووداوەکان بکەن، وەک چۆن لای هەندێک لە نووسەران (نۆستالژیای دەستگرتن بە ڕابردووی دوورەوە ئاماژەیەکە لەسەر مکوڕبوون بە ژیانی ڕابردوویانەوە و هەوڵێکە بۆ وەدەستهێنانەوەی ڕابردوو، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو واقیعە نالەبارە هەبێت کە لە ئێستادا تێیدا دەژین، چونکە پێیان وایە ڕابردوو لە ئێستا ئارامترە).(الزین، ٢٠١٠، ٣٣٥). ڕۆماننووس کە خودی خۆی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە و گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە، دەیەوێت لەڕێی ڕستەیەکی پرسیاریی دەلالەت ئامێزدا هەستی نۆستالژیی خۆی بۆ زەمەنێکی ڕابردوو بخاتەڕوو ((لەناو فڕۆکەکەدا ڕۆژنامەیەک بەدەستەوە دەگرم. لەدوا لاپەڕەوە دەستی پێ دەکەم. هەر بیر دەکەمەوە: ئەم شارە چی لێ بەسەرهاتووە و چی لێ ماوەتەوە؟

ئەمرۆ بلیتی فڕین دەکڕم. سبەی دەفڕم و دوو سبەی لە باوەشی دایکی نیشتماندام. گەڕانەوەی پاش هەڵاتن و ماڵئاوایی تاڵ و ژەهراوی.

فازیل کەریم ئەحمەد بیست و یەک ساڵ ژیانی ئاوارەیی و دوورە وڵاتی.

ڕۆیشتیت جانتایەکی خاکی کۆنت پێ بوو، گەڕایتەوە جانتایەکی خاکی شڕت پێیە. بیست و یەک ساڵ دوورە وڵاتی ... بیست و یەک ساڵ چی گۆڕا ؟)).(ئەلوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢٢). ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم مەنەلۆگەوە هەم خوێنەر بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشنا دەکات (فازیل کەریم ئەحمەد) هەم بەو پرسیارە زۆرانەی کە لە هزریدا گەڵاڵە بوون و پەیوەستن بە زەمەنی ڕابردووە و دەیەوێت وەڵامێکی دەست بکەوێت، تاکو بزانێت دوای بەجێهێشتنی بیست و یەک ساڵ چی بەسەر شارەکەیدا هاتووە.

ڕۆماننووس لە ڕێیی فلاشباکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی((قۆڵی کراسەکەم هەمیشە وەکو مەشکەی ڕەق بوو. جارێکیان پوورە قەمەرناز پێی وتم: ڕۆڵە تۆزێ ئاو بە قۆڵی کراسەکەتدا بکە و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دەستێکی پیا بێنە. چینێکی جەلاتیی سەوز لەسەر مەشکە ڕەقەکە دروست ببوو، هەرچیم دەکرد لێی نەدەبووەوە. باش بوو، لەسەر چڵمنی و خۆ لەقوڕ هەڵکێشان تێ هەڵدان نەبوو)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢٧). ڕۆماننووس دەیەوێت لە ئێستادا چێژ لە سەرکێشییەکانی سەردەمی منداڵی ببینێت، بۆیە دەیەوێت بۆئەو ساتە لە دەستچووانە بگەڕێتەوە.

دیاردەی نۆستالژیا لە غەریبی جیاوازە لە نۆستالژیا لە نێو خاک و نیشتمان، چونکە بەپێی یاسای ژیان هەر بوونەوەرێک دەبێت پیربێ و منداڵی و لاوی بەجێبێڵێت، بەڵام نۆستالژیای غەریبی دابڕانێکی فیزیکی و ڕەوانییە، نووسەر لە ناکاو خۆی لە شوێنێک دەبینێتەوە کە هیچ نیشانەیەکی لە ڕابردوو پێوە دیار نییە، نە زمانی، نە کولتور، تەنانەت خۆرەتاو و مانگیش جیاوازە، لێرەدا نووسەر بۆ هەڵاتن لە دەست ئەو نامۆییە پەنا دەباتەبەر وڵاتی خۆی، وڵاتێک کە بۆ دیتنی ناچار دەبێت بە قوڵایی ڕۆح و ڕەواندا ڕۆچێ (گوڵ ئەندامی، ٢٠٢١، (http://hemin.dk/DAQIKURDI/2009/TA_chirokWnwstalwzhiya_SGA.htm). بەم حەسرەت و ئاخەوە ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور و وەسفی شەوێکی خانەقین لە یادی عاشوورا دا دەکات ((شەوانی عاشوورا، دڵی شار مواکیبی حوسێینیە بوو. ڕەوزە خوێندن و درووشمەکان بەرە بەرە لە عەرەبی و فارسیەوە دەبوونە کوردی، ئەمەش ترسی دەخستە دڵی ڕژێمەوە. من چەندین ئەندامی کۆمەڵەم بینیوە ....... سنگیان لێ ڕووت کردبوو، لە ناخی دڵەوە لە خۆیان دەدا و باوکە ڕۆیان بۆ حوسێن دەکرد)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٥٩). ئەگەرچی ڕۆماننووس لێرەدا بۆ یادەوەرییەکی ئایینی لە شاری خانەقین دەگەڕێتەوە تاوەکو بۆ ساتێک خۆی لە غەمی دووری بدزێتەوە، بەڵام مەبەستییەتی پەیامێکی دیکەش بۆ خوێنەر بەجێبهێڵێت، کە چۆن لە دژی ڕژێم کەسانێک تەنانەت مەراسیمی عاشوورا لەگەڵ بیروباوەڕیاندا یەکناگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە دڵی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو نەبووە ئامادەبوون لەو مەراسیمەدا ڕۆڵ بگێڕن، وەک ڕەمزێک بۆ یاخی بوون و بەرەنگاری دژی هەموو ئەو سەرکوتکردنانەی کە لەلایەن ڕژێمەوە دژی هاوڵاتیان ئەنجام دەدرا.

نۆستالژیا بە مانای غەمی غوربەت، مەیلی گەڕانەوە بۆ وڵات، ماڵ، شار و کوچە و کۆڵانی منداڵییە، دونیای نوسین زۆر بەر بڵاوە، ساتێک یادی جاران هەست و بیری نووسەر دەوروژێنێ و نووسەر هاندەدا بنوسێت، ساتێکیش نەفرەت لە ڕابردوو قەڵەم دەخاتەگەڕ، مارسل پرۆست زۆربەی تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ ڕۆمانی (گەڕان بە شوێن زەمەنی لە دەستچوو) دا، کەچی ژوڵ وێرن، تەواوی کاتی خۆی بۆ تەرحی داهاتوو دانا، بەو حاڵەش کێ دەڵێ ئەگەر ژوڵ وێرن لە وڵاتی غەریب با باسی لە داهاتو کردبا؟ (گوڵئەندامی،٢٠٢١، .(http://hemin.dk/DAQIKURDI/2009/TA_chirokWnwstalwzhiya_SGA.htm)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لوتکەی نۆستالژیا گەڕانەوەیە بۆ ساتی منداڵی، یاد کردنەوەی ئەو ساتانەیە کە تاک خاوەنی دنیایەک خەونی ڕازاوە و جوان بووە. گوزەرکردن بە کوچەو کۆڵانەکانی منداڵیدا گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی جوانی و بەرائەت، ڕۆماننووس بەم شێوەیە وەسفی دابەشبوونی قوتابیانی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی دەکات ((ئێمە تێگەیشتین، لە نێوان ریزی یەکەم و دووەمدا، ریزی دوای دواوە، دیواری کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و فەلسەفی و دارایی هەیە. ئەوان هەموو سوور و سپی و قژ داهێنراو و سەرگۆنا سوور بوون. هاوینان پانتۆڵی کورتیان لەپێ دەکرد و بە ئۆتۆمۆبیل بۆ بەغدادیان دەبردن. ئێمەش هەر هەموو دێز و بۆرو چڵکن و چڵمن و ڕشکن.. کام قوڕ و چڵپاو بۆگەنە، ئەچووین خۆمان تیا هەڵدەکێشا)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٧٩). ڕۆماننووس لەم گەڕانەوەیەشدا، بەو ئاراميیە ناگات کە بەدوایدا وێڵە، چونکە دابەشبوونی قوتابیەکان لە ڕیزەکاندا، ئاماژەیەک بووە بۆ جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فەرهەنگی قوتابیەکان و خانەوادەکانیان. ڕۆماننووس جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دیاریکراو، کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەی لە دوای خۆی دروستکرد ((لە ڕۆژی ٩ نیسانی ٢٠٠٣ دا قۆناغێککی تر دەست پێدەکات. داری ئازادی بەناو شەقامەکانی شاردا پیاسە دەکات و لەگەڵ گەورە و بچووکدا تەوقە... دەست مۆچان دەکات)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ١٢٧). ئەو مێژووە ڕۆژی کۆتایی هێنان بوو بە حوکمی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا و سەرجەم ئەو ناوچە کوردنشینانەش ئازاد کران، کە لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعسدا مابوونەوە. ناوچەی خانەقینیش یەکێک لەو دەڤەرانە بوو، ئیدی ڕۆماننووس بە حەسرەتەوە بۆ ئەو شارە دەگەڕێتەوە، بەڵام سەراسیمە و حەیرانە، ئاخۆ دەبێت شاری خانەقین هەمان ئەفسوون و تام و بۆنی جارانی مابێت؟ ئەمە ئەو ساتەیە کە ڕۆماننووس دوای دابڕانی نزیکە چارەکە سەدەیەک لە شارەکەی بۆی دەگەڕێتەوە و هەموو ئەو ساڵانەی تەمەنی بە تاسەی گەڕانەوە بووە بۆ دیداری خاک و نیشتمان، بەڵام ڕۆماننووس هەست بە نیگەرانییەکی گەورە دەکات ((من دەترسم، هەر زۆریش دەترسم، هەر زۆر زۆریش دەترسم! نەمن شەقامەکان بناسمەوەو نەشەقامەکان من بناسنەوە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ١٢٩). ئەم ترسە لەڕادەبەدەرە، ترسە لە زەمەن، ترسە لەو گۆڕانکارییانەی کە زەمەن درووستی دەکات. بۆیە ڕۆماننووس ئیدی بۆ هەمیشە خۆی بە نامۆ دەزانێت. چونکە نە لە تاراوگە هەست بە ئارامی دەکات، نە لە باوەشی نیشتماندا، ئیدی ئەمە قەدەری مرۆڤە، کاتیک لە شوێنێک هەڵدەکەنرێ و لە جێیەکی دیکە دەگیرسێتەوە، هەرگیز ناتوانێت لەهیچ کام لەو شوێنانەدا بە ئارامی دەروونی بگات. بۆیە زیاتر دەیەوێت لەڕێگەی نۆستالژیاوە بگەڕێتەوە، تاوەکو چێژ لە ساتە لە دەستچووەکانی وەربگرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٤. **نۆستالژیای فەلسەفی یاخود سۆز بۆ جیهانی نموونەیی:** لە دوای ئەوەی نووسەر لەم جیهانە نائومێد و دڵشکاو دەبێت، دەگاتە ئەو باوەڕەی ئیدی جوگرافیایەک یاخود سنوورێک نەماوە بۆ ئەوەی ئەو تێیدا ئۆقرە بگرێت، دەیەوێت پەنا بۆ جیهانی نموونەیی ببات و غەم و ئازارەکانی لەو فەزا بێسنوورەدا بەتاڵ بکاتەوە، ئەو جیهانەش کە نووسەر دەیخوازێت خۆی تێدا ببینێتەوە دنیای نووسینە، هەر بۆیە ئەم جۆرە بە نوستالژیای فەلسەفی یاخود سۆز و حەسرەت بۆ جیهانێکی نموونەیی ناو دەبرێت (نووسینی ئەدەبی و فەلسەفی دوو وێنەن بۆ گوزارشتکردن لە بوونی تاک، بە واتایەکی دیکە پرۆسەی نووسین نزیکترین هونەرە کە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بوونگەراییدا هەیە. بێ گومان بوونی هەقیقیش تەنیا لە ئاوەز و بیروباوەڕدا ئامادەگیی هەیە، هەر ئەمەش ڕێسای پێویست بۆ ئاراستەکردنی ئاکارەکانی تاکەکەس دەستەبەر دەکەن. لەم ڕوانگەیەشەوە جیهانی هەقیقی خۆی لە جیهانی هزردا دەبینێتەوە، ئەمەش ئەو جیهانەیە کە نووسەران دەیانەوێت خۆیانی تێدا ببیننەوە).(الزین، ٢٠١٠، ٣٥٦). بە واتایەکی دیکە دەکرێت بڵێین، کە دوای ئەوەی نووسەر لەم جیهانەدا هەست بە شکست و بێ مانایی وجودی دەکات، دەیەوێت لە ڕێگەی جیهانی نووسینەوە هاوسەنگی هاوکێشەکانی ژیانی ڕێکبخاتەوە و مانایەک بە بوونی ببەخشێت، لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا خوێنەر درک بەو داوە باریکە دەکات کە لە نێوان جیهانی واقیع و جیهانی نموونەییدا هەیە، ئەمەش دوای ئەوەی ڕۆماننووس وەک یەکێک لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی نێو شار دژی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو چالاکی ئەنجام دەدات و بەشێکی زۆر لە هاوڕێکانی لە لایەن پیاوانی دەسەڵاتەوە دەگیرێن و لەژێر ئازار و ئەشکەنجە دەناڵێنن، ئیدی ئەویش بەم شێوەیە گۆشەنیگای خۆی دەربارەی ئەو هەلومەرجە دژوارە و چارەنووسی خۆی دەخاتەڕوو ((من خوێنی خۆمم کردۆتە کاسەوە. هاوڕێکانم ملیان لە ژێر چەقۆی جەلادەکانیانە. ........... لە نێوان بوون و نەبووندا، ئەڵتەرناتیڤی تر نییە. لە نێوان زیندان و شاخیشدا، ئەڵتەرناتیڤی سێیەم نییە ........ نامەوێ بەپێی خۆم برۆمە بەردەستیان. بمرم زۆر ئاساییە، بەڵام نامەوێ بە زیندوویەتی، چنگی هیچ دوژمنێک بکەوم. ......... لە شارەوە بۆ شاخ... لە شاخەوە بۆ تاراوگە! ...... شاخ و هەندەران، تەواوکەری یەکترن، یان یەکتر پووچەڵ دەکەنەوە؟)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢٤-٢٥ )). ڕۆماننووس لە گەشتی نێو شار و شاخ و تاراوگەدا لە گێژاودایە و ناتوانێت خۆی وابەستەی جیهانی واقیع بکات، چونکە دەزانێت ئەو جیهانە سنووردارە، ناتوانێت خەونە وجودییەکانی ئەو وەک تاکێک بهێنێتەدی، ئەو لەلایەک لە غەمی تاکی نەتەوەکەیدایە و لەلایەکی دیکەوە بەدوای چارەسەردا وێڵە، هەر ئەمەش تووشی ئەو دڵەڕاوکێیەی کردووە و دەیەوێت لە دەقێکی ئەدەبیدا جیهانێکی نموونەیی بونیاد بنێت. بەمانایەکی دیکە ڕۆماننووس وەک تاکێکی یاخی دەژی، بۆیە بەمەبەستی ڕزگار بوون لە زۆرداریی و ستەم لە شارەوە پەنا بۆ شاخ دەبات، بە ئومێدی وەدەستهێنانی ئۆقرەیی، بەڵام هەست دەکات شاخیش پڕە لە کۆسپ و تەگەرە، دواجار پەنا بۆ تاراوگە دەبات، بەو مەبەستەی لەوێ بە کەناری ئارامی بگات، بەڵام لە تاراوگەش جارێکی دیکە سۆزی دووری و دابڕان هێندەی دیکە دەردی گران دەکەن، ئیدی بۆ دەربازبوون لەم سوڕانەوەیە پەنا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بۆ نووسین دەبات، واتە ڕۆماننووس (هەوڵ دەدات بە داهێنان ئەو کەمایەسی و ناجۆرییانەی ژیانی پڕ بکاتەوە. نووسەری نامۆش کەسێکە خاوەنی ڕابردووە، ئەو ڕابردووەش هەمیشە لەلای ئەو ئامادەیە و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. وەلێ هەردەم وا هەست دەکات تاکێکی بێ ئایندەیە. یان خاوەنی ئایندەیەکی تەماوی و نادیارە. بۆیە دیسان هەوڵ دەدات قەرەبووی ئایندەش بکاتەوە. واتە کارێک بکات بەهۆی بەرهەمەکانییەوە زۆرتر بژی. بۆیە هەمدیس لە هەوڵ و کۆششدایە تا ئەو کەمایەسییەش (نەبوونی ئایندە) بە بەرهەمی زیندووتر قەرەبوو بکاتەوە).(حەسەن، ٢٠٠٨، ٤٩-٥٠). خۆ دانەدەست نۆستالژیای فەلسەفی و جیهانی نموونەیی ڕێگەیەکە بۆ بەردەوامی و ژیانکردن و هێزی ژیاندۆسی بە تاکی داهێنەر دەبەخشێت، تاوەکو دووچاری شکست و نائومێدی نەبێت، ڕۆماننووس وێڵە لە دوی گەیشتن بە نەوایەک بۆ ئەوەی خۆی تێدا بناسێت ((من ژیانی نیشتمانم لێکرایە دۆزەخ و تا ئەمڕۆش بە دوای تراویلکەی هەڵنەپرووکاودا وێڵم، تۆ دەبێ سەرەتایەکی زۆر جیاواز لەگەڵ سەرەتاکانی تردا بدۆزیتەوە، بۆ ئەوەی بگەیتە ئەنجامێکی تر. داهێنەرەکان دەستبەرداری ڕێگە باوەکان دەبن و هەوڵ دەدەن، ڕێگەیەکی نوێ بدۆزنەوە. ئەگەر دەستبەرداری ڕێگە کۆنەکان نەبوونایە، پاش هەڵسووڕان و داسووڕانێکی زۆر بێ هوودە، دەهاتنەوە سەر ئەو سەرەتایەی کەسانی تر دەستیان پێکردووە)).(ئەلۆەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٩٧). ڕۆماننووس وەک داهێنەرێک غەم و ئازارێکی گەورەتری لە کۆڵە، کە گوزارشتە لە غەمی جڤاک و ئازارەکانی، بۆیە ناتوانێت بە ئاسانی لە هەموو جێیەک هەڵکات و ژیان دەسپێبکاتەوە، ئەو چ لە ناو زێد و چ لە تاراوگە، هەست بە نامۆ بوون دەکا و ئەو بۆشاییە دەروونیی و جەستەییەی لەلای ڕۆماننووس دروست بووە، زادەی غەمێکی وجوودیی و گەردوونییە ((مرۆڤ بارمتەی دوو کونە، هێشتا لە کونی بوون سەری دەرنەهێناوە، کونی نەبوون سەرەتاتکەی لەگەڵدا دەکات. ئەم گەشتە کورتەی ژیان، پێش و پاشی بە چەپەری نەبوون بەربەست کراوە. من چەند ئازاد و سەربەست بم، لە بازنەی کێشەی بوون و نەبووندا، ئازادیم نییە و مافی هەڵبژاردنم نییە. دوو چارەنووسی بێ هەڵبژاردن)).(ئەلۆەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٩٧). واتە ئەو لە نێو ئەو گەشتە کورتەی ژیاندا کە هاتن و ڕۆشتنی لە دەست خۆی نییە، هەست بە بێ دەسەڵاتی و بێ هێزی خۆی دەکات لە وجووددا، ئازادی و سەربەستی ئەو سنووردارە، بۆیە لێرەوە وەک مرۆڤێکی سەرکەش و یاخی هاوار دەکات و دەڵێت: ((من خاوەنی هیچ نیم، هیچیش خاوەنم نییە ....... هەرچیم هەیە، هی خۆم نییە، خۆشم هی خۆم نیم من بەرهەمی ڕێکەوتم یان ڕێکەوت بەرهەمی منە؟)).(ئەلۆەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٩٧). ئیدی ڕۆماننووس بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتانە، واتە لە نێو گەشتی کورتخایەتی ژیان و مردندا پەنا وەبەر نۆستالژیای فەلسەفی دەبات، تاوەکو بە هایەک بۆ بوونی خۆی لەم گەردوونە فراوانەدا ببینێتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٥. **نۆستالژیا بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان:** فۆلکلۆر بەو بەرهەمانە دەوترێت کە لە ناو خەڵکدا زۆر بڵاوە، تاکێکی کورد نابینیت بەرهەمێک یان چەند بەرهەمێکی فۆلکلۆریی لە سینەییدا هەڵنەگرتبێت، بە حوکمی ئەوەی نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات لە بەرهەمی فۆلکلۆریدا زۆر دەوڵەمەندە، کە زۆربەی بەرهەمەکان شەقڵ و مۆرکی نەتەوەی کوردی پێوە دیارە ((فۆلکلۆر کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێک، تەنانەت کەرەسەشە بۆ زانایانی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافیاش)).(ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ١٢). واتە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان کەرەستەیەکی بە پێزن لە لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت ڕەهەندی دەروونی تاکی کورد. ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا، چەندین بەیت و شیعری سەر زاری خەڵکی ناوچەی خانەقینی لە نیو ڕۆمانەکەدا تەوزیفکردووە، واتە ڕۆماننووس کاتێک لە نامۆییدا سۆزیی غەریبی زۆری بۆ دێنێت، دەگەڕێتەوە بۆلای ئەو بەرهەمە فۆلکلۆریانەی کە بە سەر زاری خەڵکەوە بوون لە ڕابردوودا، ڕۆماننووس بە بەیتی شایەرێکی خانەقینی ئاشنامان دەکات:

((ئەگەر ماڵ بکەی وەبەرزی کاوە

ئاخر مردنە و هەر دوو گەز جاوە

دوو تێڕوانینی ناکۆک بۆ ژیان، یەکێکیان یا بە دەوڵەمەندی بژی، یان لە گریاندا بمرە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٣٩). چارەنووسی مرۆڤ، چ بە دەوڵمەندی و چ بە هەژاری کۆتاییەکەی هەر مردنە، واتە ئەمە دیدی شایەرێکە بۆ ژیان، بۆیە بە شێوازێکی سادە گوزارشتی لێ دەکات. ڕۆماننووس خوێنەر بە چەند بەیتێکی دیکە ئاشنا دەکات ((ژنێک شۆکەی دەمرێت، ئەم بەیتانە لەسەر تەرمەکەی دەڵێت:

هەر یە نەود یەکی تر

کاوڕێک نەور شەکی تر

ئێ سەگ قەپان ئەو سەگ گرت

باوگ هەیەر پۆخەڵ کرت

ژنەکە هەڵس شوێگەد مرد

شوێگەم مرد وەکو سمەو

قرتگیگ گیرم هەم وسمەو

سەروین چقیگ هەم بەسمەو)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٤٠).

ڕۆماننووس دیمەنێکی دیکە دەخاتەڕوو:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

((دویێتم، دویێته

نقره کوته

حەفت شووی کردیه و هیمرا دویته!

ئەمە شانازیی دایکانیی خانەقیییە بە کچەکانیانەوە، حەوت شوو، یەک لەدوای یەک دەکەن و بە کچی دەمێننەوە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ١٠٦).

ڕۆماننووس بەم دوو بەیتە شیعرە کۆتایی بە ڕۆمانەکەی دەهێنێت:

((هەرچی دیت وەچەم شی وە سەفەردا

هەرچی مەوینی ها نەگوزەردا

کەس حاڵی نەبی و هیچ نەفاما

ئەو پەی چێش ویەرد، ئێدی پەی چێش ئاما)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢٦١).

ئەو بابەتە فۆلکلۆرییانەی کە ڕۆماننووس تەوزیفی نێو ڕۆمانەکەی کردووە، هەموویان بە دیالێکتی لوڕین و گوزارشت لە شێوەی بیرکرنەوە و تێڕوانینی خەڵکی بۆ ژیان دەکەن، واتە ڕەنگدانەوە و تێڕامانی خەڵکی ئاساین لە بەرانبەر دیاردەکانی ژیان. ڕۆماننووسیش تۆماری کردوون، لەلایەک بۆ ئەوەی بیانپارێزێت لەلایەکی دیکەشەوە ئەم بەیتە شیعریانە گەڕانەوەیەکە بۆ یادەوەرییەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی، کە بەسەر چوون و کەوتوونەتە نێو مێژووەوە.

٦. **نۆستالژیا بۆ شوێنەوارە کۆن و دێرینەکان:** بە حوکمی ئەوەی کوردستان دەوڵەمەندە بە شوێنەواری کۆن و مێژوویی، کە دەکرێت لە زۆر ڕووەوە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و وەبەرهێنانی لە بواری جیاوازدا تێدا بکرێت، بەڵام ڕۆماننووس لە ڕوانگەیەکی نۆستالژییەوە ئاوڕ لە شوێنەوارەکانی کوردستان دەداتەوە، کاتێک دیمەن و شوێنەواری وڵاتان دەبینێت کە چۆن دەپارێزرێن و بوونەتە ناسنامەی وڵاتان، لە ڕێی مەنۆلۆگەوە کۆمەڵێک هزر بە زەینیدا تێدەپەڕێت و ئەویش لە شێوازی پرسیاردا ئاراستەی ناوەوەی خۆی دەکات:

((بۆ دەربەند بێلووله و سەرتەک مەڵبەندی گەشت و گوزار و سەیران نەبێت؟

بۆ شوێنەوارە مێژووییەکانی وەکو مۆزەخانەی سروشتی نەپارێزرێت؟

بۆ دەستی شێوێنەر گردە دەستکردەکانی وێران بکات؟

بەمۆ ئەگەر لە فەڕەنسا و هۆڵنداو نەرویج بووایە، زۆر شوێنیان لە شووشە دەگرت. چوار هەزار ساڵ ئەو شوێنەوارە خەڵک و مێژوو پاراستوویانە، ئەم چل پەنجا ساڵەی ئەم دوایە، ئێمە ناتوانین بیانپارێزین.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پێویستە بخرێتە بن پارێزگاریی یونسکۆوە .. ئەوەی بۆ زێڕ دۆزینەوە دەگەڕێ، تەنیا وێرانکردن و ماندووبوونی بۆ دەمێنێتەوە! گەر ئەم وڵاتە، وڵاتی ئێمەیە، هەموو بەردێکی زێڕە و بۆی هەیە سەرنجی گەشت و گوزاری هەموو جیهان بۆلای خۆی ڕابکێشێ، ئەوە زێڕی ئاشکرا و شاراوەیە.. با مردووەکان پاش چوار هەزار ساڵ نەفرەتمان بۆ رەوانە ئەکەن)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٥٠ ). سۆزی دووریی ڕۆماننووس دەگێڕێتەوە بۆلای شوێنەوارە دێرینەکان، بەڵام ئەم گەڕانەوەیەش دادی نادات و ئارامی پێ نابەخشێت، چونکە هەست دەکات وەکو پێویست ئاوڕییان لێ نەدراوەتەوە و بگرە شێوێنراون و سیما و سروشتیان تێکدراوە.

ڕۆماننووس بەهەمان نەفەسی نۆستالژییەوە بۆ شوێنەوارێکی دیکەی ناوچەی خانەقین دەگەڕێتەوە ((شوێنەوارەکانی حەوش کوڕوو کاتی خۆی ئینگلیزەکان وێرانیان کرد. من خۆم بینیومە وەکو گەوڕ و تەویلە بەکاریان دەهێنا. لە بریتانیا و ئێرلەندەدا کۆمەڵێک کێلی مەزن کراونەتە مۆزەخانە.. وڵاتی تری ئۆرووپی بڕێک گا بەرد و دەریاچەیەکی دەستکرد کراوەتە سەیرانگە و سەرچاوەی کار و کەسابەت.. بیرمە چۆن چایخانەی (ئستربادی) رووخێنرا، شوێنەوار روخێنرا، مێژوو شێوێنرا، کۆمەڵێک دووکانی ناشرینی لەخشت و گەچ دروستکرا و قوتکرانەوە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٥٠-٥١). ڕۆماننووس دەکەوێتە بەراوردەوە لە نێوان شوێنەواری وڵاتە ئەوروپییەکان و شوێنەوارەکانی کوردستاندا، کە بەداخەوە هەلومەرج و ئاریشەی ڕامیاری و سەربازیی ڕێگەیان نەداوە ئەو شوێنەوارە مێژووییانە وەکو پێویست کەڵکیان لێ وەربگیرێت، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کاڵبوونەوە و وێرانبوون چوون. ڕۆماننووس وێڵە بەدوای ڕەمزیکدا تاببێتە ناسنامەی شارەکەی، چونکە ((هەر شارێک لە جیهاندا سمبۆلێکی هەیە. بورجی ئیڤل سمبۆلی پاریسە. بورجی پیزا سمبۆلی شاری پیزایە .......... ئەی خانەقی؟ هەموو کەسێک پردی گەورەی بەسمبۆل داناوە. پۆست کارتەکانی خانەقی بریتین لە کۆپری گەورە شان بە شانی ئەم سمبۆلە بەرچاوە، رەمزێکی تر هەیە، نە لە جیهانی ئەرکیۆلۆگیدا ناسراوە، نەخۆشمان بایەخمان پێداوە، ئەویش نەخشەی لەسەر تاشە بەرد هەڵکەنراوەکەی دەربەند بێلوولەیە. ئەم نەقشە زۆر لە نەقشەکانی سەرپێڵ زەهاو و دەربەند گاور و دەربەندی رەمەکان دەچێ.

میرێک تەنوورەی لەبەرەو ملوانکەیەکی لە ملەو بەدەستی چەپی کەوانێکی بەدەستەوەیە. پێی چەپی لەسەر سنگی کوژراوێکە و بەرانبەری پیاوێک کڕنووشی بۆ بردوەو دەستی پاڕانەوەی بڵند کردۆتەوە. لەپشت سەری ئەم پیاوەوە لەوحەیەکی پیتی بزماری هڵکەنراوە)).(ئەڵوەن و ئەفسانە، ٢٠٠٩، ٢١٠-٢١١). ڕۆماننووس بەدوای ناسنامەدا وێڵە، بۆیە دەیەوێت پەنا وەبەر شوێنەوارە فەرامۆشکراوەکانی نیشتمان بەرێت و سۆزی نۆستالژیی خۆی دامرکێنێتەوە، بۆیە بەدوای سمبۆلدا دەگەڕێت. ڕۆماننووس غەمێکی گەورەی لەکۆڵناوە، واتە گیرۆدەی (کۆمەڵێک ئازاری ڕاستەقینە و واقیعییە، بۆیە تەنیا لە جیهانێکی خەیاڵی و نۆستالژییانەداترووسکاییەک بۆ حەسانەوە و ڕەواندنەوەی غەمەکانی دەدۆزێتەوە).(ئەحمەدزادە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٢٠١٥، ٧٦). نۆستالژیا وەک فریاد ڕەسێک بە هانای ڕۆماننووسەوە دێت و لەساتە سەخت و دژوارەکاندا دەردیی دووریی و دابڕانی تیمار دەکات.

## ئەنجامەکان

١. نۆستالژیا وەک دیاردەیەکی دەروونی لە دنیای ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە) دا ئامادەگییەکی بەرچاوی هەیە، بەو پێیەی کە ڕۆمانەکە بەشێکە لە غەم و حەسرەت و ئازاری دووری و دابڕانی ڕۆماننووس لە نیشتمان و ژیانکردن لە تاراوگەدا.

٢. نۆستالژیا بۆ شوێن و بۆ مرۆڤ، گەورەترین پێگەی لە پانتایی ڕۆمانەکەدا داگیرکردووە، کە دەرەنجامی پەیوەست بوونی ڕۆماننووسە بە شوێن و ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە. ئەمەش ڕادەی پەیوەست بوونی ڕۆماننووس بە شوێنی هۆگرییەوە دەسەلمێنێت.

٣. لە نێو جیهانی دەقەکەدا، هەست بەو سۆزە نۆستالژییە فەلسەفییە دەکرێت، کە بەسەر ڕۆماننووسدا زاڵە، بە جۆرێک کە پرسیار و گومان هزریان تەنیووە و ناتوانێت بۆ ساتێک ئارام بژی، هەر ئەمەشە وای لێ کردووە پەنا وەبەر دنیای نوسین ببات و لەو مەیدانەدا بەدوای جیهانێکی نموونەییدا بگەڕێت.

٤. سۆزی نۆستالژیانەی ڕۆماننووس، نەبووەتە لە مپەرێک بۆی کە تەنیا لە ڕابردوودا بژی، بەڵکو بە هیواوە بۆ ئایندەش دەڕوانێت، چونکە پێی وایە ڕابردوو پردێکە بۆ گەیشتن بە داهاتوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Nostalgia in the Novel (ALWAN and AFSANE) by Mamosta Jaafar

**Awara Kamal Saleh**

Building & Construction Department, Erbil Technology College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** awara.saleh@epu.edu.iq

## Abstract:

Nostalgia for the past is a phenomenon that is present in most members of society, but its impact varies from one person to another, and nostalgia appears in humans in cases of distance and alienation from the homeland, in other words when a person is uprooted from his roots and spends his life in the diaspora, and here nostalgia for the past dominates his thinking and reflections . And nostalgia leaves a deep impact on the author. That is why the book resorts to the world of writing to get rid of the pain of alienation. And back again to the world of childhood. With this hope, they can interrupt for a moment from the present time and return to the time of youth. Here, they can make a magical trip to the past in order to give their souls and themselves a moment of calm and stability. In this research, we have tried to embody the types of nostalgia in the novel (ALWAN and AFSANE).

**Key words:** Nostalgia, Past, Deserted, Homesick, Home.

## سەرچاوەكان:

ئەڵوەن و ئەفسانە، جەعفەر، مامۆستا،٢٠٠٩، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ ٢، سلێمانی.

ئەحمەدزادە، هاشم (د)، ٢٠١٥، جیهانی ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چ ١.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (د)، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەكانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەكان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چ ١.

ئیسماعیل، سەباح، ٢٠٠٩، چەمك و ئیستاتیكای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر.

حەسەن، محەمەد فەریق، ٢٠٠٨، هێمن و بۆنی غەریبی، دەزگای ئاراس، چ ١، هەولێر.

ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا (د)، ٢٠١٠، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، دەزگای ئاراس، چ ٣.

سدیق، ئارام، ٢٠١٢، دەستپێك لە چیرۆكی كوردیدا، یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، چ ١، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، سۆران مامەند،٢٠١٦، نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چ ١.

ابراهيم، علي(د)، ٢٠٠٢، الزمان و المكان في روايات غائب طعمة فرمان، الاهالي للطباعة و النشر والتوزيع، ط ١، دمشق.

الحربي، صيتة علي عواد،٢٠١٥، الحنين للوطن في شعر الجواهري: دراسة فنية، رسالة ماجستير، كلية الآداب و العلوم، جامعة الشرق الأوسط.

الخليلي، مها روحي ابراهيم،٢٠٠٧، الحنين والغربة في الشعر الأندلسي(عصر سيادة غرناطة ٦٣٥- ٨٩٧ هجرية)، رسالة ماجستير، كلية دراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين.

الزين، محمد موسى البلولة،٢٠١٠، الاغتراب و الحنين في الشعر المهجري، اطروحة دكتوراه، كلية الآآب / قسم اللغة العربية، جامعة الخرطوم.

سالم، إسلام سعدي، ٢٠١٨، النوستالجيا: المصطلح الطبي الذي انتهى إلى حالة شاعرية،

https://manshoor.com/society/nostalgia-illness-and-meaning

ئازادیخواز، جەلیل، ٢٠٢١، غوربەت ویستگەیەک لە نێوان سەفەر و گەڕانەوەدا،

.https://www.haremnews.com/details/18415

گوڵ ئەندامی، سەلاح،٢٠٢١ ، تەوەری چیرۆک و نۆستالۆژیا،

.http://hemin.dk/DAQIKURDI/2009/TA_chirokWnwstalwzhiya_SGA.htm